**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**

**بە نـاوی گەلــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**بڕیـاری ژمــارە : ١**
**مێژووی بڕیـار : ٢٠٠٠/٣/١٤**

## " بـڕیـــار"

پشت بە حوکمەکانی ماددە(٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن ، ژمارە(١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٢) ی خۆیدا کە لە ڕۆژی ٢٠٠٠/٣/١٤ دا بەسترا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

**یەکـەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشنیارەکانی ئەم ئەندامە بەڕێزانەی ئەنجومەن کە لە خوارەوەدا ناویان هاتووە دەربارەی ڕێ و ڕەسمی تایبەت بەزیندووکردنەوەی یادی لە دایکبوونی ڕابەری نەتەوەیی کورد بارزانی نەمر لە(١٤)ی ئاداری هەموو ساڵێکدا.

**دووەم:** لیژنەکە لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێك دێت :

١. فرەنسۆ هەریری.
٢. سەرکیس ئاغا جان.
٣. ئەحمەد سالار.
٤. سەعید یەعقوبی.
٥. د.ناسح عەبدولغەفور
٦. محەمەد حەسەن باڵتە.
٧. عبدولخالق زەنگەنە.
٨. سیروان کاکەیی.
٩. زەهرا حاجی.
١٠. نوێنەرێك لە لیستی مۆر .

**سێیـەم:** لیژنەی پێك هاتوو دەبێ هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران بکا، یان ئەو لایەنەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە تەخویل کراوە بۆ گەیشتن بە باشترین شێواز بۆ ڕێ ورەسمێ کە پێویستە دەستنیشان بکرێ بۆ ئەو زیندوو کردنەوە مێژووییەی لە دایك بوون کە شیاوی گرنگی پێدان بێت.

**چـوارەم:** دەبێ لیژنەی پێك هاتوو ڕێنماییەکانی دەربارەی بابەتەکە پێش تەواو بوونی خولی گرێدانی ئێستا کە پێشکەش بە ئەنجوومەن بکات.

**پێنجـەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی پەرلەمان بڵاودەکرێتەوە.

**د.ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**